دەنگی مەخموور
خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی
سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com
www.mexmurpress.com
ژمارە ( ٢٣ ) رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ ( ٥٠٠ ) دینار یەك شەممە ٢٠١٠/٨/١٥ ٢٤ی خەرمانانی ٢٧١٠



## دابەش کردنەوە چەکی قەرەبووی ماددەی ( ١٤٠ ) دەستپێکردەوە

**دەنگی مەخموور**

لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠)ی دەستوور، دەستی بە دابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوە کرد.
د.نەرمین عوسمان جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠)ی دەستووری ئێراق لە لێدوانێکیدا ڕاگەیاندووە چەند رۆژێکە دەستیان بەدابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوەی ئەوانە کردووە کە بەشێوەی جۆراجۆر لەساڵی رابردوودا مابوون و بودجەی (٢٨) ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە.
جێگری سەرۆکی لیژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ گوتیشی "ئەو چەکانە لەناوچەکانی شەنگارو مەخموور دابەشکراون و پارەکەی لەبانکی بازرگانی ئێراقی لەهەولێر وەردەگرن"، ئەوەشی خستەڕوو "دوای تەواوبوونی ئەو چەکانە، دەست بە دابەشکردنی چەکی وەجبەکانی دیکەی قۆناغەکانی قەرەبووکردنەوە دەکرێت". گوتیشی "وەك قۆناغی یەکەم بڕی (٢٠٤) ملیار دینار تەرخانکراوەو دوای تەواوبوونی بودجەی قۆناغی یەکەم، دەست بە قۆناغەکانی تر دەکرێت".

### بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری بەرەو چۆڵ بوون دەچێت

# ناحیەی قەراج سێ ساڵە بێ بەڕێوەبەرە

**کاروان غەمگین - قەراج**

لەکاتێکدا ناحیەی قەراج (شارەدێی باقرتە) ماوەی سێ ساڵە بێ بەڕێوەبەر ماوەتەوە، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست بەسەدان خانەوادەی ئەو ناوچەیە گوندو دێهاتەکانیان چۆڵ دەکەن.
سەبارەت بەکۆچ کردنی دانیشتوانی دەڤەری مەخموور بەگشتی و شارەدێی قەراج بەتایبەتی قایمقامی قەزای مەخموور، بارزان سەید کاکە تایبەت بە (دەنگی مەخموور) ڕایگەیاند "ئەم دیاردەیە هەموو کوردستانی گرتۆتەوە، هەروەك لەسەرجەم قەزاو ناحیەکان گوێ بیستی ئەوە دەبین کە خەڵکی کۆچ دەکەن، ئەوە نیگەرانمان ناکات چونکە بەهۆی ترس و دڵەراوکێ نییە، هۆکاری کۆچکردنی ئەو خەڵکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە بڕێوی ژیانیان لە گوندو دێهاتەکان نەماوەو منداڵەکانیان لەشارەکان دەخوێنن و بەهۆی باشی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەشارەکان هەیە، بێگومان لەقەزایەکی وەك مەخموور دەست بەر نەکراوە". لەبارەی نەبوونی بەڕێوەبەری شارەدێی قەراج، بارزان سەید کاکە ڕایگەیاند "ئەمە کێشەیەکی یاساییە، چونکە ئێمە سەر بەپارێزگای موسڵین، بۆیە پێویستە بەهەڵبژاردن یان ئەنجوومەن کەسێك دەست نیشان بکات، ئێمەش تائێستا ئەنجوومەنی شارەدێمان نییە"، سەبارەت بەوەی بۆچی لەهەولێر کەسێك دەستنیشان نەکراوە بۆ ئەو پۆستە، بارزان گوتی "وەکو هەولێریش دەمانتوانی کەسێك بۆ ئەو شوێنە دەستنیشان بکەین، بەڵام وەکو رێزگرتنێك پێویست بوو بەرێککەوتن کەسێك دابنرێت، بەڵام بەداخەوە دوای هاتنە سەر حوکمی لیستی حەدبا رێککەوتن نەما".
هاوڵاتییەکی شارەدێی قەراج ئاماژە بەوەدەکات لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری خەڵکی قەراج ناوچەکە جێدەهێڵن، هەروەك مامۆستا عەلی خالید بەڕێوەبەری ئامادەیی لەشارەدێی قەراج، گوتی "دوو هۆکار هەن، یەکەمیان نەبوونی کارو کاسبییە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچەیە، هۆکاری دووەمیش کەمی خزمەتگوزارییە، بەتایبەت لەشارەدێی قەراج کە رۆژ لەدوای رۆژ کوردەکان دەڕۆن و لەبەرامبەریشدا عەرەبەکان دێن و موڵکی کوردەکان دەکڕن".
شایەنی گوتنە شارەدێی قەراج یەکێکە لەناوچە فەرامۆشکراوەکان و پێشتریش نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئەو ناوچەیە کردووەو بە دواکەوتووترین ناوچەی عێراقی وەسفکردووە. شارەدێی قەراج کە نزیکەی ٤٠ گوندی لەخۆوە گرتووەو دانیشتوانەکەی بریتین لە کوردو عەرەبن بەڵام بەهۆی کۆچکردنی کوردەکان لەوناوچەیە ئەگەری ئەوە هەیە کە رێژەی عەرەب لەو ناوچەیە بەرزتر بێتەوە.





بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی قەراج (فۆتۆ: دەنگی مەخموور)



**کامەران محەمەد:**
**واقیعی حیزبایەتی لەکوردستان و نەبوونی گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی**
٣ ⬅



**مەلا محەمەد محێدین:**
**پێویستە حکومەت لەمانگی رەمەزان نرخ لەسەر کەل و پەلەکان دابنێت**
٤ ⬅



**ئیبراهیمۆڤیچ یانەی بەرشەلۆنە جێدەهێڵێت**
٧ ⬅

### لیستی برایەتی نەینەوا:

## لیستی حەدبا رێگرە لەبەردەم رێککەوتنەکاندا

**دەنگی مەخموور**

دەرمان خەتاری وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا لە لێدوانێکی ڕایگەیاند "ئەگەر لیستی حەدبا سووربێت لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیی و ئامادەنەبێت بەپێکەوە ژیانی ئاشتیانەو بەشداریکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی پارێزگای موسڵ لەئیدارەکردنی ئەو پارێزگایە، هەر بەتەنیا دەست بەسەر تەواوی پۆستەکان دابگرێت، ئەوا لیستی برایەتی نەینەوا، هەڵوێستی توندتری دەبێت و بایکۆتکردنی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ ئەکتیڤ تر دەکات". وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، ئەگەر رەوشەکە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا ئیدارەی موسڵ دەبێتە دوویەش و دوو ئیدارەی جیاواز.
لەلایەکی دیکەوە ئەسیل نەجێفی پارێزگاری موسڵ و سەرۆکی لیستی حەدبا لە لێدوانیکیدا ڕایگەیاندووە، لیستی برایەتی نەینەواو حەدبا گەیشتوونەتە رێککەوتن، بەڵام هەندێ لایەن بەتایبەتی حکومەتی فیدراڵی بەربەرستی لەبەردەم رێککەوتنی کۆتایی دروست کردووە. لەو بارەیەوە، (دەرمان خەتاری) وتەبێژی لیستی برایەتی نەینەوا ڕایگەیاند "ئەسیل نوجێفی و لیستی حەدبا هۆکاری سەرەکین لەبارەی ئەوەی تائێستا رێککەوتنی کۆتایی نێوان لیستی برایەتی نەینەواو حەدبا نەهاتۆتە ئاراوە، نەك حکومەتی عێراقی". ناوبراو روونیکردەوە، نوجێفی و لیستی حەدبا داوایان لەحکومەتی فیدراڵ کردووە، خەڵکی خۆیان بچنە نێو سوپاو پۆلیسی عێراقی، بۆ ئەوەی دەڤەری خۆیان بپارێزن، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە شوێنی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش بگرنەوە لەو ناوچانەی کە ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە.



### قایمقامی مەخموور:

## داواکارین لەڕۆژی سەرژمێری خەڵکەکە بگەڕێنەوە ناوچەکانیان

**دەنگی مەخموور**

وەك چاوەڕوان دەکرێ ئەمساڵ سەرژمێرییەکی گشتی لەئێراقدا بکرێت و تیایدا ژمارەی ڕاستەقینەی دانیشتوانی بەهەموو نەتەوەو تایفەو مەزهەبەکانییەوە دیاری بکرێت، لەلایەن خۆیەوە قایمقامی مەخموور مەترسی لە نەگەڕانەوەی هاوڵاتییانی ئەو ناوچەیە دەردەبڕێت.
وا بڕیارە سەرژمێری لەتەواوی عێراق ئەنجام بدرێت و مەخموووریش بۆ ئەم مەبەستە پرۆسەی سەرژمێری تێدا بەڕێوەدەچێ، لەلێدوانێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور) بارزان سەیدکاکە قایمقامی قەزای مەخموور ڕایگەیاند "لەرۆژی ١٠/٢٤ کە کاتی سەرژمێرییە ئەگەر خەڵکی دەڤەری مەخموور نەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان ئەوا بە زیانی کورد دەشکێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە ساڵی رابردوو خەڵکێکی زۆر ناوی خۆیان بەخەڵکی ئەو ناوچەیە نووسیوە، هیوادارین لەرۆژی گەمارۆسازی و ژمارە دانان و سەرژمێری، ئەوا تەواوی خەڵکەکە بگەڕێنەوەو خۆیان بەخەڵکی ئەو ناوچەیە تۆمار بکەن"، سەبارەت بە پاڵپشتی کردنی خەڵك و هاندانیان بۆ گەڕانەوە، گوتیشی "وەکو سیاسەتی گشتیش پاڵپشتی زۆر هەیە بۆ گەڕانەوەی ئەو خەڵکە، بەڵام وەکو بەرنامە من رەنگە نەتوانم لەجیاتی سەرکردایەتی کورد لێدوان بدەم". هەروەك روونیشی کردەوە "ئەگەر بمانەوێ کوردستانیبوونی ناوچە دابڕێنراوەکان بسەلمێنین پێویستە هاووڵاتیانمان لەپرۆسەی سەرژمێریدا ئامادەبن و لەرۆژانی ٢٦/٧ تا ٢٠١٠/١٠/٨ لەشارو شارۆچکەکانی خۆیاندا ئامادەبن و ئێمەش هەموو کارئاسانییەکیان بۆ دەکەین، ئامادەبوونی هاوڵاتییان هۆکارێکی گرنگە بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی ئەم ناوچانە".
خەسرەو گۆران سەرۆکی لیستی برایەتی نەینەواو بەرپرسی لقی ١٤ی پارتی لە موسڵ، ڕایگەیاند "پێمان وایە کوردو کوردستانیانی ناوچە دابڕێنراوەکان ئەرکێکی نیشتیمانیی نەتەوەییان لەئەستۆدایە هەموو هەوڵ و توانایەك بخەنەگەڕ بۆ بەشداریکردن لەم پرۆسەیەو بۆ هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردن لەم سەرژمێرییەدا بۆ کەمنەبوونی ژمارەو رێژەی کورد لەو ناوچانە".

## ٦٠٠ چەکی قەرەبوو گەیشتە کەرکوك

**دەنگی مەخموور**

(کاکەڕەش سەدیق) بەرپرسی نووسینگەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لەکەرکوك ڕایگەیاند، ٦٠٠ چەکی قەرەبوو کردنەوەی دەرکراوان و گەڕاوەکانی کەرکوك گەیشتووەو لەچەند رۆژی داهاتوو بەسەریاندا دابەشدەکرێت.
کاکەڕەش سەدیق لەلێدوانێکی رۆژنامەوانییدا گوتی "نووسینگەکەمان کۆمەڵێك چەکی قەرەبووی پێگەیشتووە کە دەبوا سەرەتای ئەمساڵ بۆمان رەوانە بکرابایە، بەڵام بەهۆی هەندێك کێشەی ژمێریاری دواکەوت و بەهۆی هەندێك کەموکوڕی هەموو چەکەکانمان بەدەست نەگەیشتوو. بەرپرسی نووسینگەی جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ لەکەرکوك ئاشکرای کرد "لەوانە لەکۆی ٢٥٠ چەکی گەڕاوەکان، ١٥٠ چەکمان بۆ هاتووە، سەبارەت بە دەرکراوانیش لەکۆی ٧٠٠ چەك، تەنیا ٤٥٠ دانەمان بۆ نێردراوە". ناوبراو گوتیشی "بەم جۆرە کۆی چەکە گەیشتووەکان دەگەنە ٦٠٠ چەك و لەچەند رۆژی داهاتوو، نووسینگەکەمان دەست بەدابەشکردنی ئەم چەکانە بەسەر خاوەنەکانیاندا دەکات".





## لە دوو رووداوی جیادا چوار کەس گیان لەدەست دەدەن

**زریان ئیسماعیل**

لەسەر رێگای سەرەکی مەخموور - هەولێر لەئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل دوو کوڕو باوکێك بوونە قوربانی و لەلایەکی دیکەوە گەنجێکی شارۆچکەی گوێر تائێستا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە دوای ئەوەی لەزێی گچکە خنکاوە.
عەقید روکن (نادر شاکر) بەڕێوەبەری پۆلیسی مەخموور تایبەت بە (دەنگی مەخموور) ئەو هەواڵەی پشت ڕاستکردەوەو ڕایگەیاند "بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەستمان گەیشتووە، لەناحیەی گوێری سەر بەقەزای مەخموور، گەنجێك لەئاوی زێ خنکاوەو تائێستا تەرمەکەشی نەدۆزراوەتەوە، زانیاری زیاترمان لەسەر ئەو رووداوە لەبەردەستدا نییە".
لەلایەکی دیکەوە ئێوارەی رۆژی ٨/٣ لەنێوان رێگای (مەخموور - دیبەگە) لەرووداوێکی هاتووچۆدا کە ئۆتۆمبێلی جۆری نیسان پیکاب لەگەڵ بارهەڵگرێکی جۆری سکانیا، خۆیان بەیەکدا کێشاو لەئەنجامی ئەو پێکدادانە سێ سەر نشینی نیسانەکە گیانیان لەدەستدا، کە دوو کوڕو باوکێك بوون، شوفێری سکانیاکەش لەو رودواوە سەلامەت دەرچووەو دوای رووداوەکە شوفێری ئۆتۆمبێلی جۆری سکانیا دەستگیر دەکرێت.



دوو کوڕو باوکێك لەو رووداوەدا بوونە قوربانی (فۆتۆ: دەنگی مەخموور)